گۆڤاری زانكۆی ڕاپەڕین
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(0).No(0).Paper34

ڕكەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٤/٠١/٠١
ڕێكەوتی پەسەندكردن: ٢٠٢٤/٠٢/٢٢
ڕێكەوتی بڵاوكردنەوە: ٢٠٢٤/٠٢/٢٩

# ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە و پەیوەندی بە ئاڕاستەی مامۆستایان بۆ پیشەی وانەوتنەوە لای مامۆستایانی زانكۆی كۆیە

**سێبەر رزگار رزاق**

sebar.rzgar@Koyauniversty.org

بەشی پەروەردە و دەرونزانی، فاكەڵتی پەروەردە، زانكۆی كۆیە، كۆیە، هەرێمی كوردستان، عێراق.

**پوختە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەزانینی پەیوەندی نێوان ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوەو ئاڕاستەی مامۆستایانی زانكۆ بۆ پیشەی وانەوتنەوە. كۆمەڵگەی توێژینەوەكەی بریتیبو لە مامۆستایانی زانكۆی كۆیە، هەروەها نمونەی توێژینەوەكە بریتیبو لەمامۆستایانی فاكەڵتی پەروەردە كە ژمارەیان (90) مامۆستا لەهەردو ڕەگەز. نێرو مێ، كە بەشێوەیەكی هەڕەمەكی هەڵبژێردراون لەبەشە جیاوازەكانی فاكەڵتی پەروەردە. دو ئامراز بۆ كۆكردنەوەی داتا بەكارهێندران، یەكەمیان بۆ پێوانەكردنی ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە، دوەمیان بۆ پێوانەكردنی ئاڕاستەی مامۆستایان بۆ پیشەی وانەوتنەوە. جێگیری پێوەرەكان بەڕێگای ئەلفاكرونباخ دەرهێندران، جێگیری پێوەری ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە (0.75) بو، هەروەها بۆ پێوەری پیشەی وانەوتنەوە (0.74) بو كە ئەمەش جێگیرییەكی بەرزەو توێژەر دەتوانێت پشتی پێ ببەستێت، بۆ شیكردنەوەی داتاكان توێژەر پشتی بەست بەهەگبەی ئاماری (SPSS). لەئەنجامدا دەركەوت بەبونی پەیوەندیەیەكی ئەرێنی بەڵگەداری ئاماری لەنێوان ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوەو ئاڕاستەی مامۆستایان بۆ پیشەی وانەوتنەوە هەیە. لەكۆتایی توێژینەوەكە چەند ڕاسپاردەو پێشنیارێكی كرد.

**كلیلی وشەكان:** ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە، ئاڕاستە بۆ پیشەی وانەوتنەوە، فاكەڵتی پەروەردە، مامۆستای زانكۆ.

## بەشی یەكەم

## پێشەکی

مرۆڤایەتی لەسەدەی بیست و یەکدا گەیشتۆتە ئەوپەڕی پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیا، زانیاری لەڕوی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە بەڕادەیەکی خەیاڵی بەرەو پێشەوە چوە، بەڵام هێشتا ئەو پێشکەوتنانە لاسەنگن، چونکە لەڕوی زانستە سروشتیەکانەوە ئەم پێشکەوتنانە ڕویان داوە، بەڵام لەڕوی زانستە مرۆڤایەتیەکانەوە هێشتا زۆر کەلێن ماوەتەوە کەپێویستی بەپڕکردنەوە هەیە، ئەمەش دەتوانرێت لەڕێگای توێژینەوەو لێکۆڵینەوە لەسەر وردەکاری پرۆسەی پەروەردە بەگشتی کەلێنەکان کەمتر بکرێنەوەو گرنگی زیاتر بەپرۆسەی وانەوتنەوەو پۆل و ناوەندەکانی خوێندن بدرێت(محەمەد، 11،2021)، بۆیە وانەوتنەوە بە پرۆسەیەکی بەیەک گەیشتنی نێوان مامۆستاو خوێندکارە، واتە گواستنەوەیە لەدۆخێکی ژیریەوە بۆ دۆخێکی ژیری تر، بەم پێیەش خوێندکار گەشە دەکات لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر، ئەمەش لەئەنجامی کارلێک کردن لەگەڵ کۆمەڵێک لەڕوداوی فێربون و فێرکردن کەکاریگەریان لەسەری هەیە، لەگەڵ ئەمەشدا وانەوتنەوە سیستەمێکی خودی تاکە کەسیە کە تێیدا مامۆستا هەڵدەستێت بەڕۆڵێکی پیشەیی (عزیز،15،2014)، ئەم ڕۆڵە پیشەییە کۆمەڵێک تایبەتمەندی دەگرێتەوە کەپێویستن بۆ ئەنجامدانی پیشەی وانەبێژی و ناسراون کارامەییەکانی وانەوتنەوە و کە دابەش دەبن بۆ هەریەک لەکارامەیی پلان دانان و ئەنجامدان و هەڵسەنگاندنی خوێندکاران، بەشێوەیەکی گشتی مامۆستا لەوانەوتنەوەدا سەرکەوتو دەبێت ئەگەر بتوانێت پلانی گونجاو دابڕێژێت و دواتر لەهەلومەرجێکی گونجاودا جێبەجێی بکات، لەکۆتاییشدا بتوانێت بەشێوەیەکی گونجاو هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی فێربونی خوێندکاران بکات(محمد،2019، 16).

## کێشەی توێژینەوە

لەگەڵ سەرهەڵدانی پەتای کۆرنا و گۆڕانی سیستمی خوێندن لەناو پۆلەوە بۆ ئۆنلاین، هەروەها قەیرانی دارایی کاریگەری نەرێیی کردە سەر ئاڕاستەی مامۆستایان بەگشتی و بۆ پیشەی وانەوتنەوە بەتایبەتی، ئەمەش تێبینی توێژەرە لەئاکامی چەندین ساڵەی پیشەی وانەوە وتنەوە لەزانکۆ، سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردە بەستراوەتەوە بەکۆمەڵێک هۆکار لەوانە ئاڕاستەی مامۆستا بۆ پیشەی وانەوتنەوە کە هەست و سۆزو هەڵچون و بەها و ئاڕاستەکان دەکرێتەوە بەجۆرێک گەشەسەندنی مامۆستا لەڕوی لایەنی پیشەیی بە بنەمای باشبونی ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە دادەنرێت ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبونی ئاستی گرنگی ئامانجە فێرکارییەکان کە پێویستن بۆ وانەوتنەوە. بۆیە پیشەی وانەوتنەوە یەکێکە لە پیشە گرانەکان کە پێویستە بەردەوام مامۆستا گەشە بەتواناکانی بدات و زانیاری نوێ کۆبکاتەوە کە بگونجێت لەگەڵ ئەو سەردەمەی تێیدایە بە تایبەت ڕۆژگاری ئەمرۆ کە پڕیەتی لە تەکنەلۆژیای جۆراوجۆرو سەرچاوەی جیاجیا کە دەتوانرێ سودی لێ

وەربگیرێت بۆ بەرەو پێشەوەچونی تواناکانی، بۆیە مامۆستا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پرۆسەی فێرکردندا جا ئەم ڕۆڵەی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ ئەمەش کاریگەری لەسەر ڕەفتاری خوێندکاران دەبێت لە ڕێگەی هەڵسوکەوت و تێکەڵاوبونی لەگەڵ خوێندکاراندا، بۆیە زۆربەی زانایانی بواری پەروەردە بڕوایان وایە کە مامۆستا بە کۆڵەکەی پرۆسەی کرداری فێرکردن دادەنرێت، کە دەبێتە هۆی دروستکردنی بڕوابەخۆبون و هەروەها دروستبونی پاڵنەرو هاندان و گرنگیدان و گەشەسەندنی تواناکانی خوێندکاران، بەڵام ئەوەی توێژەر تێبینی کردوە کە ئاڕاستەی مامۆستا بۆ پیشەی وانەبێژی ئاڕاستەیەکی نەرێنییە ئەمەش لەوانەیە هۆکاری ئەم بارودۆخە بێت کە لە ئێستادا مامۆستایان پێیدا تێپەڕدەبن، هەروەها پەیوەستکردنی مامۆستا بە چوارچێوەیەکی داڕێژراوی سنوردارکراو کە دەرفەتی نوێگەری و ئاڕاستەی جیاوازی بیرکردنەوەی نەهێشتوەتەوە لە ئێستادا ئەم کۆتوبەندەش کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر بەدیهێنانی ئامانجە گشتییەکانی وانەوتنەوەو بە شێوەیەکی گشتی، هەروەها ئەم قۆناغە سەختەی کە لە ئێستادا مامۆستایان لە ڕوی ئابورییەوە پێدا تێپەڕ دەبن کە بارودۆخێکی نەخوازراو سەختە وای کردوە مامۆستایان بیر لە ئامانجی ئابوری تایبەت بە بژێوی ژیان و پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیان بکەنەوە ئەمەش وا دەکات مامۆستا لەبری ئەوەی سەرقاڵ بێت بەپێشخستنی لایەنی زانستی و فراوانکردنی پاشخانی زانستی خۆی هەوڵی دۆزینەوەی کاری ترو ڕێگای تر بدات بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکان و دەستەبەرکردنی بژێوی ژیانی، ئەم بارودۆخە وای کردوە ئاڕاستەی مامۆستا بۆ بیشەی وانەوتنەوە ئاڕاستەیەکی نەرێنی بێت و کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر لایەنی دەرونی مامۆستاو ماندوکردنی کەوا دەکات لە ڕوی هزریەوە زیانی گەورەی بە پرۆسەی پەروەردە بگەیەنێت، ئەمەش زۆرجار دەبێتە هۆی لاوازبونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و دروستبونی بۆشایەکی گەورە لە پرۆسەی پەروەردەدا کە دواجار کاریگەری دروست دەکات لەسەر لایەنی ڕۆشنبیری گشتی ئەمەش خۆ لە چوارچێوەی نەبونی پاشخانی زانستی و زمان و نوێکاری لە پرۆسەی پەروەردەدا دەبینێتەوە، کە دواجار لەوانەیە کاربکاتە سەر ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە لای مامۆستایان بە شێوازێک خۆی لە نەبونی نەخشەو پلانی وانەوتنەوە و خۆئامادەکردنی لە پێشینەی مامۆستاو ئەو پێداویستییە زانیارییانەی گونجاون بۆ پرۆسە و نەگەیاندنی زانیاری بە خوێندکار و تەنانەتی شێوازو هەڵسوکەوتی مامۆستا لە کاتی وانەوتنەوە و مامەڵەکردنی لەگەڵ خوێندکاران و چەندان کێشەی تر کە ڕاستەوخۆو کاریگەری دروست دەکەن لەسەر ئاستی ئەنجامدانی پرۆسەی وانەوتنەوە کەواتە دەتوانین کێشەی توێژینەوەکە بەنەبونی وەڵامی زانستی بۆ ئەم پرسیارەی خوارەوە بخەینەڕو:

1- ئایا ئاڕاستەی مامۆستا بۆ پیشەی وانەوتنەوە پەیوەندی بە ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە هەیە لەلای مامۆستایانی فاکەڵتی پەروەردە لە زانکۆی کۆیە؟

2- ئایا ئەو كارامەییانەی كە مامۆستا بەكاریدەهێنێت بۆ ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە (كارامەیی پلاندانان و جێبەجێكردن لە وانەوتنەوەو پەیوەندی مرۆیی و هەڵسەنگاندن) هەیە لای مامۆستایانی فاكەڵتی پەروەردە؟
3- ئایا ئاڕاستەی مامۆستای فاكەڵتی پەروەردە بۆ پیشەی وانەوتنەوە هەیە؟
4- ئایا جیاوازی ئەنجامدانی وانەوتنەوە لەلای مامۆستایانی فاكەڵتی پەروەردە هەیە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز؟
5- ئایا جیاوازی مامۆستایان بۆ پیشەی وانەوتنەوەو پەیوەندی بە ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە هەیە لەلای مامۆستایانی فاكەڵتی پەروەردە لە زانكۆی كۆیە بەپێی ساڵانی خزمەت؟

## گرنگی توێژینەوە

مامۆستا بە بنچینەیەک لە كرداری وانەوتنەوە دادەنرێت، كە ئەركی دروستكردنی هیوا و ئاواتە لە داهاتودا، لە پێشوتردا باس لە كاریگەری لەسەر ڕەفتار و ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە لەسەر خوێندكاران كراوە(الرويشد 29،2019)، ئاڕاستەكان هەڵسوڕێنەری ڕەفتاری تاكن وەک پێودانگێک بەكاردێت لەبڕیاردان بۆ هەڵوێستەكان، بەبێ ئاڕاستە پرۆسەی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان ڕونادات، بۆیە ئاڕاستەكان گرنگییەكی تریان هەیە لەژیانی تاكدا كەتاک ئاڕاستە دەكەن بەوەی كۆمەڵگە چی دەوێت لەتاكەكانی چی پەسەند دەكات لێیان، ئەگەر تاک بەئاڕاستەی كۆمەڵگەكەی ڕەزامەند بێت، بەدەستهێنانی هەبو لەگەڵیاندا هەستی تێربون لەپێداویستی و پاڵنەرە دەرونی و كۆمەڵایەتییەكانی لا دێتە ئاراوە، ئەمەش وا دەكات توانای شیكردنەوەو لێكدانەوەی هەڵوێستەكانی هەبێت كە پێیدا تێپەڕ دەبێت(سامرائی، 1988، 1999). ئاڕاستە بەشێوەیەكی گشتی چەمكێكی فرەڕەهەندە كەچەندین تەوەرە لەخۆدەگرێت (Abdullah,2015,338.354)، هەروەها ئاڕاستەی مامۆستایان بۆ پیشەی وانەوتنەوە گرنگی زۆری هەیەو هەروەها توێژینەوەكان سەلماندویانە ئاڕاستەی مامۆستا بۆ پیشەی وانەوتنەوە كاریگەری بەڵگەداری ئاماری هەیە لەسەر كارایی وانەوتنەوەو بەدەستهێنانی خوێندن(Borg,2006,30-45), (Hanushek,E.A.& Rivkin, S.G,2007,69-86) ، هەروەها دەرئەنجامەكان دەریانخستوە كە ئاڕاستەی ئەرێنی بۆ پیشەی وانەوتنەوە زۆر گرنگە بۆ ڕازی بون لەپیشەو بۆ بەردەوام بون لەپیشە (Ingersoll,R.M.2001,499-534), (Kryiacous,2001,27-35)بۆیە گرنگی پیشەی وانەوتنەوە لە باشبونی ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوەدایە لێرەدا مامۆستا كاریگەری لەسەر دەستكەوتی خوێندنی خوێندكاران دەبێت بەڕێژەی دو بۆ سێ هێندە زیاتر لە كاریگەری شتەكانی تر كە پەیوەندییان بە خودی دامەزراوە پەروەردەییەكانەوە هەیە وەک پۆلی وانەوتنەوەی گونجاو و ئامرازە فێركارییەكان، هەروەها ڕۆڵی خۆی تێدەپەڕێنێت لە دروستكردنی پاڵنەر بۆ بیركردنەوە دروستكردن و دابینكردنی كارامەیی و زانیاری گرنگ بۆ ئەوەی بتوانن لە قۆناغی داهاتودا ڕوبەڕوی ئاستەنگەكان ببنەوە، بۆیە ئەگەر هاتو خوێندكار لە تەمەنێكی بچوكەوە زانیاری و كارامەیی بە دەست هێناو لە یادەوەری بمێنێتەوە

تا وەکو خوێندن تەواو دەکات ئەوە خوێندکارە دەتوانێت کاتێکی زۆر پاشەکەوت بکات بۆ ئەوەی جارێکی تر کارامەییەک بە دەست بهێنێتەوە بەشێوەیەک کاریگەری بەردەوامی هەبێت لەسەر ژیانی (البغدادی،2023،1-2) هەروەها مامۆستا دەبێت پێشەنگ بێت لە کرداری فێرکردن و فێربونی خوێندکارەکانی بە جۆرێک کە ئاڕاستەکار و ڕێنمایکار و ئاسانکارو دیزاینەر بێت بۆیە پێویستە لەسەری کە کارامەی وانەوتنەوە چالاکی فێرکاری ناوی پۆلی جۆراوجۆر بەکاربهێنێت وەکو (پلاندانانەوە جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندن) کە ببێتەوە هۆی باشتر کردنی ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەی لەناو پۆلدا (سعد،108،2000)، بۆیە پێویستە شارەزا بێت لەو بابەتانەی کە دەیڵێتەوە بە جۆرێک ئاگاداری هەمو نوێکارییەکانی بابەتەکە بێت کە دەیڵێتەوەو خوێندنەوەی بەردەوامی هەبێت بۆ بابەتەکەی، توانای یارمەتیدانی خوێندکارانی هەبێت لەسەر پێشکەشکردنی ناوەڕۆکی بابەتەکە و بەدەستهێنانی ناوەڕۆکی بابەت لای خوێندکاران بە شێوەیەکی ئاسان ئەمەش بە بەکارهێنانی ئامراز و کەلوپەلی فێرکاری جۆراوجۆر (محسن،28،2006)، کاریگەری دروست دەکات لە سەر دروستکردنی کەسایەتی خوێندکاران بە هەمو لایەنەکانی بە جۆرێک کە خوێندکار مرۆڤ بێت ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە مامۆستا تەنها زانیاری و ڕاستییەکان ناگەیەنێت بەڵکو دەبێت پێشەنگی خوێنکارەکانی بێت کە دەبێتە هۆی بە دەستهێنانی سەبر و ئارامگری لە خۆیاندا و لەسەر دەوروبەرەکەیان لە گرنگترینیان ئەنجامدانی کارێکی باشە کە ئەمەش ئامانجی خۆیان و باوک کۆمەڵگەکەیانە هەروەها زانینی ئاڕاستە و حەز و ئارەزوی خوێندکاران لە میانەی وتنەوەی وانەکان و ئەنجامدانی چالاکییەکان و زانینی خاڵی بەهێزو لاوازی هەر یەکێک لە خوێندکارەکان (علی،194،2007)، بۆیە پێویستە لە پاڵ سیفەتی سادەیی مامۆستایان بەم شێوەیە ڕەفتار بکەن لەگەڵ خوێندکارەکان و هەروەها زیادکردنی سیفەتی خۆشەویستی لەبەرئەوەی بەبێ بونی خۆشەویستی دەبێتە هۆی لە دەستدانی چالاکییەکانی خوێندکاران، دەبێتە هۆی درێژەدان بە کرداری وانەوتنەوە و فێربون (فریری،101،2004)، لە گرنگترین خاڵەکانی پیشەی وانەوتنەوە مامۆستایەتی پێویستە مامۆستا لە توانایدا هەبێت کەلتورو ڕۆشنبیری بگوازێتەوە بۆ خوێندکاران لە نەوەیەک بۆ نەوەیەکی تر لە ڕێگای فێرکردنەوە، کە بە دەست دەهێنرێت لەلایەن گەورەو بچوکەکانەوە، گۆڕانکاری بەسەرداێ بەگوێرەی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە کۆمەڵگەدا ڕودەدەن بۆیە لەسەر مامۆستا پێویستە زانیاری تەواو بدات بە خوێندکار لەسەر ئەو ژینگەیەی کە تێیدا دەژی و ئەو شتانەی کە لە دەوروبەریدان هەروەها چارەسەرکردنی کێشەکانی خوێندکاران کەوا دەکەن لە میانی پرۆسەی فێربونی فێرکردندا (الترتوری،56،2005).

### ئامانجی توێژینەوە

1-زانینی پەیوەندی نێوان پیشەی وانەوتنەوە و ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە لای مامۆستایانی فاکەڵتی پەروەردە لە زانکۆی کۆیە.

2- زانینی پەیوەندی نێوان پیشەی وانەوتنەوە و ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە لای مامۆستایانی فاکەڵتی پەروەردە لە زانکۆی کۆیە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز.

3- زانینی پەیوەندی نێوان پیشەی وانەوتنەوە و ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە لای مامۆستایانی فاکەڵتی پەروەردە لە زانکۆی کۆیە بەپێی ساڵانی خزمەت.

**سنوری توێژینەوە**

سنوری شوێن: شاری کۆیە لە زانکۆی کۆیە.

سنوری مرۆیی: مامۆستایانی فاکەڵتی پەروەردە.

سنوری کات: سمستەری یەکەم بۆ ساڵی 2023.

**پێناسەی زاراوەکان:**

**1- پیشەی وانەوتنەوە**

- **(الخليلي ومقابلة، 1990)** بریتییە لەکۆمەڵێک بیرۆکەو هەست و پێشبینی، کەمامۆستا هەیەتی دەربارەی خوێندکارو هاوپیشەکانی، هەروەها بۆ چۆنیەتی وانەوتنەوە وەک پیشەو تایبەتمەندییە کەسایەتییەکانی مامۆستاو تێڕوانینی بۆ کۆمەڵگاو پرۆگرامی خوێندن (الخليلي ومقابلة، 1990، 64).

- **(UNESCO,2015)** بریتییە لەپیشەی فێرکردنی خوێندکاران سەبارەت بەبابەتی جیاجیاو کارامەیی و بوارەکانی زانست، بەشێوەیەکی گشتی لەناو دامەزراوە پەروەردەییەکان وەک قوتابخانەو کۆلێژو زانکۆکان ئەنجام دەدرێت، کەمامۆستا تێیدا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لەئاسانکاریکردنی بۆ فێربون و فێرکردن بەمەبەستی گەشەسەندنی لایەنی هزری و کەسی ئامادەکردنی خوێندکاران بۆ داهاتو (UNESCO,2015,7).

- **پێناسەی ڕێکاری بۆ پیشەی وانەوتنەوە**

- ئەو نمرەیە کە مامۆستایانی زانکۆی بە دەستی دەهێنن لە ئەنجامی وڵامدانەوەی بڕگەکانی پێوەری ئاراستەی مامۆستایان یۆ پیشەی وانەوتنەوە.

- **پێناسەی توێژەر بۆ پیشەی وانەوتنەوە**

- توانا و لێهاتویی و وردبینی مامۆستایانە لەسەر پراکتیزەکردنی پرۆسەی وانەوتنەوە پەیوەندیدار بە لایەنی زانەکی و سۆزداری و دەرونجوڵەیی.

**2-ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە**

- **پێناسەی (الجفری، 2002)** ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە: بریتییە لە هەمو ئەو چالاکییانەی کە مامۆستا ئەنجامی دەدات لە (چالاکی و کردار و ڕێکارییەکانی وانەوتنەوەو ڕەفتاری زانستی) کە پەیوەندی بە کرداری وانەوتنەوە هەیە کە لەناو پۆل و دەرەوەی پۆل(الجفری،2002 ، 115).

- **پێناسەی (القانی، والجمل، 2003)** ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە: بریتییە لە ئەنجامدانی ڕەفتاری زارەکی یان کارامەییەک لە لایەن مامۆستا، پاڵپشت بە باگراوەندی زانەکی و سۆزداری دیاریکراو، لە ئاستێکی دیاریکراودا بێت کە تێیدا توانای تاک لەسەر کارێکی دیاریکراو دەستنیشان دەکات(القانی و الجمل، 21،2003).

- **پێناسەی ڕێکاری بۆ ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە**

بریتییە لەو نمرەیەی کە مامۆستای زانکۆ دەستی دەهێنێت لە ئەنجامی وەڵامدانەوەی بڕگەکانی پێوانەی ئاستی ئەنجامدانی وا نەوتنەوە.

- **پێناسەی توێژەر بۆ ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە**

هەمو ئەو چالاکیانە دەگرێتەوە کە مامۆستای زانکۆ ئەنجامی دەدات لە پرۆسەی وانەوتنەوە لەناو پۆل یان دەرەوەی پۆل بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن.

## بەشی دوەم

### چەمکی ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە

ئاستی ئەنجامدان بریتییە لەکۆمەڵێک وەڵامدانەوە کە تاک پێی هەڵدەستی لەهەڵوێستێکی دیاریکراودا، ئەم ئاستی ئەنجامدانە دەتوانرێت پێوانە بکرێت لەڕێگای تێبینی کردنی ڕاستەوخۆ، هەروەها دەتوانرێت بوترێت کە دەسکەوتێکی ڕاستەقینەیە وەسف دەکرێت بەلێهاتویی وزەو توانا کە دەرفەتی فێربون دەڕەخسێنێ و خوێندکار دەتوانێت هەلی بەدەستهێنانی زانیاری و کارامەیی بەدەست بهێنێت(حدید،51،2009).

وانەوتنەوە ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە بەشێکی دانەبڕاوە لەپرۆسەی پەروەردەیی، هەروەها بە بەشێک لەپرۆسەی فێرکردن دادەنرێت، جگە لەوەی زانستێکی کارپێکراوە، لەپرۆسەی پەروەردەیی کە گشتگیرە هەمو هۆکارانە لەبەرچاو دەگیرێت کە فێربون و فێرکردن پێکدەهێنێت(بن سعادة،49،2015)، زۆرجار بەزنجیرە چالاکیەکی ڕێکخراو کە لەلایەن مامۆستاوە بەڕێوە دەچێت بەشدارە تێیدا، لەڕوی لایەنی زانستی و تیۆرییەوە خوێندکار بەشداری دەکات بەمەبەستی گەیشتن بەهەندێک ئامانجی دیاریکراو(بن سعادة،49،2015)، بۆیە چەمکی ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە بەو ڕەفتارە زارەکییە یان کارامەییە دادەنرێت کە لەلایەن تاکەوە ئەنجام دەدرێت، لەسەر بنەمای پاشخانی زانەکی و سۆزداری دیاریکراو، ئەم ڕەفتارەی کە ئەنجام دەدرێت لەئاستێکی

دیاریکراودایە، کە توانای مامۆستا لەسەر ئەنجامدانی یاخود ئەنجامنەدانی کارێک دەستنیشان دەکرێت(علی،2022،66)، هەروەها زۆرجار بەئامرازێکی پەروەردەیی ئامانجدار دادەنرێت کە لەگەڵ پلاندانان و ڕێنمایی کە لەلایەن مامۆستاوە ئەنجامدەدرێت بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجە فێربونی و فێرکارییەکان لەلایەن خوێندکاران(غزالی،2015،50). بۆیە هەڵبژاردنی پیشە کە گونجاوە بۆی بەهۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ هاوسەنگی خودی و کۆمەڵایەتی هەرچەندە پیشە هەوڵی زۆری بۆ دەدرێت لەلایەن تاک بۆ ئەوەی ببێت بە بەشێک لەکۆمەڵگا بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەنێوان خێزانەکەیدا، ئەگەر هاتو تاک پیشەی خۆی نەبێت ناتوانێت خۆشی دەستەبەر بکات، ئەمەش دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی هەست کردن بەپارێزراوی، بەپێچەوانەوە ئەگەر هاتو تاک پیشەی گونجاوی خۆی هەبێت هەست بەدەستهێنانی سەرکەوتن لەپیشەکەیدا دەکات(الداهري،2005،5).

هەروەها پیشەی وانەوتنەوە لەلایەن خەڵکەوە بەهۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابوریەوە پەسەند دەکرێت، هەروەها چەند هۆکارێکی تریش هەن کە پەیوەستە بەکەسایەتی و پاشخانی کەلتوری هەرکەسیکەوە، پیشەی وانەوتنەوە ئارەزوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ مرۆڤەکان و ئارەزوی خزمەتکردنی کەسانی ترە، بەدەستهێنانی لایەنی دارایی و هەبونی پشو سەرەڕای بونی ژمارەیەکی دیاریکراو لەکاتەکانی کارکردنی ڕۆژانە بە بەراورد بەپیشەکانی تر(الفحل،2004،134)، شایانی باسە هەڵبژاردنی پیشەی وانەوتنەوە بەباشتر زانینی بەراورد لەگەڵ پیشەکانی تردا دەگەڕێتەوە سەر حەزوئارەزوی ئاراستەی تاک و گرنگی بۆی، کە ئەمە بەپاڵنەرێکی ڕەفتاری بەهێز دادەنرێت، کە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێرێت بۆ هەڵبژاردنێکی گونجاو کە بگونجێت لەگەڵ توانا و حەزو هەستکردن بەڕازی بون لێی لەداهاتودا، هەڵبژاردنی پیشەی وانەوتنەوە ڕەنگە لەژێر کاریگەری هۆکارەکانی دیکەی وەک فشاری خێزان، نەریتە باوەکان، دەستکەوتی دارایی، پێگەی کۆمەڵایەتی بێت، ئەمەش بەشێوەیەکی سروشتی کاریگەری لەسەر سروشت و ئاراستەکردنی بەرەو پیشەکەی دەبات، بەپێچەوانەوە کاتێک تاک ئەو مەیل و ئارەزوەی نەبێت ئەنجامێکی نەرێنی دروست دەکات لەسەر ئەدای پەروەردەیی کە پەیوەندی بەبواری پسپۆریەکەیەوە هەبێت، کە چارەسەر دەبێت بەدانانی کەسی گونجاو بۆ شوێنی گونجاو(الشایب،2007،150)، لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانرێت تایبەتمەندی هەڵوێستەکان بۆ فێربون بەدەستبهێنرێت بەمەبەستی پێدانی هەڵوێستی ئەرێنی بەمامۆستایان بەرامبەر بەپیشەی وانەوتنەوەو گەشەپێدانی لەڕێگای ڕاهێنانی بەردەوام بەمامۆستایان و سوپاسکردنیان بۆ بڕی ئەو زانیاریانەی کە پێیاندەدرێت لەبواری ئەکادیمی یاخود لەڕاهێنان کردنیان، کە تێگەیشتن لەبابەتە پەروەردەییە جۆراوجۆرەکان قوڵتر دەکاتەوە، هەروەها توانای کۆنترۆڵ کردنی لێهاتوییەکانیان دەکات، بە بەکارهێنانی ئەم کارامەییانە لەبارودۆخی پەروەردەیی، ئەمەش وا دەکات کە مامۆستا متمانەی بەخۆی هەبێت، هەروەها ئەو ڕاهێنانە

پەروەردەییە پیشەییانە کە فەلسەفەی پەروەردەیی بۆی دابین دەکات، زانین و لێهاتویی هەڵوێستێک کەوای لێدەکات بتوانێت پیشەی مامۆستایەتی بەباشترین شێوە ئەنجام بدات، ئەوانەی بەرپرسی بواری پەروەردەیین دەبێت هەوڵی زیاتر بدەن لەپێناو بەرزکردنەوەی ڕەوتی پەروەردەیی ئەرێنی، دەستکاری کردنی هەڵوێستی نەرێنی بەرامبەر بەپیشەی وانەوتنەوە بەپێدانی لایەنی دارایی و ئەخلاقی کە گرنگی زۆریان هەیە بۆ مامۆستا بۆ ئەوەی یارمەتی بدات لەڕوی لایەنی کۆمەڵایەتی و پیشەییەوە، هەروەها خۆی بگونجێنێت بۆ بەدەستهێنانی هەستێکی خۆش و ڕەزامەندی لەکاتێکدا هەمو ئەرکە پەروەردەییەکان جێبەجێ دەکات بەبێ ئەوەی بێزار بێت(الفحل،2004،134).

**توێژینەوەکانی پێشوتر**

**یەکەم: توێژینەوەی (طیاب،2010)**

"ئاراستەی مامۆستا بۆ پیشەی وانەوتنەوەو پەیوەندی بەئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە لای مامۆستایانی پەروەردەی وەرزش لەقۆناغی خوێندنی ناوەندی" لە ئامانجی توێژینەوەکە بریتیبو لە زانینی ئاراستەی مامۆستایانی پەروەردەی وەرزش بۆ پیشەی وانەوتنەوە، زانینی ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە لای مامۆستایانی پەروەردەی وەرزش لەقۆناغی فێرکردنی ناوەندی، زانینی پەیوەندی نێوان ئاراستەی مامۆستا بۆ پیشەی وانەوتنەوەو ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە لای مامۆستایانی پەروەردەی وەرزش لەقۆناغی ناوەندی، هەروەها نمونەی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی پێکهاتبو لە (250) مامۆستای نێرو مێ (156) نێرە بو (94) مامۆستای مێ بو، پرۆگرامی توێژینەوەکە وەسفی پەیوەندی بو (2) ئامرازی پێوانەکردن بەکارهاتوە یەکەمیان ئاراستەی مامۆستایان بۆ پیشەی وانەوتنەوە، دوەمیان ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە بو، دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتی بو لە پەیوەندی ئەرێنی هەیە لەنێوان هەردو گۆڕاوەکە کە پەیوەندییەکی بەهێزە، ئاراستەیەکی ئەرێنی هەیە بۆ پیشەی وانەوتنەوە، هەروەها دەرئەنجامێکی ئەرێنی هەیە بۆ ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە لەبوارەکانی پلاندان و جێبەجێکردن و بەڕێوەبردنی پۆل و هەڵسەنگاندن.

**دوەم: توێژینەوەی (عبدالجواد،2010)**

"ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە بۆ کارامەیی ڕێزمان لەزمانی عەرەبی لای مامۆستایانی قۆناغی ناوەندی و پەیوەندی بەئاراستەیان بۆ پیشەی وانەوتنەوە" لەئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە زانینی ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە لەکارامەییەکانی لای مامۆستایانی زمانی عەرەبی لەقۆناغی ناوەندی، زانینی ئاراستەی مامۆستایانی زمانی عەرەبی لەقۆناغی ناوەندی بۆ پیشەی وانەوتنەوە، زانینی پەیوەندی لەنێوان ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە لەکارامەیی ڕێزمان لای مامۆستایانی زمانی عەرەبی لەقۆناغی ناوەندی و ئاراستەیان بۆ پیشەی

وانەوتنەوە، زانینی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بۆ ئەنجامدانی وانەوتنەوە لەکارامەییەکانی ڕێزمان لای مامۆستایانی زمانی عەرەبی لەقۆناغی ناوەندی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزو ساڵانی خزمەت، زانینی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەنێوان ناوەندی نمرەی ئاراستەی مامۆستایانی زمانی عەرەبی لەقۆناغی ناوەندی بۆ پیشەی وانەوتنەوە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزو ساڵانی خزمەت، هەروەها نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتوە لە(67) مامۆستای (نێرومێ) کە هەڵبژێردراون بەشێوەیەکی هەڕەمەکی لەکۆمەڵگای توێژینەوەکە لەپارێزگای غەززە کە (25) کوڕو (42) کچ بون، پرۆگرامی توێژینەوەکە وەسفییە لەجۆری شیکردنەوە، ئامرازی توێژینەوەکە توێژەر دو ئامرازی پێوانەکردنی بەکارهێنانی یەکەمیان بۆ ئاراستەی مامۆستایان بۆ پیشەی وانەوتنەوە دوەمیان ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە، دەرئەنجامی توێژینەوەکە بریتیبو لەئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە لەئاستێکی ناوەند بو نەگەیشتبوە ئاستێکی داواکراو، ئاراستەی مامۆستایان بۆ پیشەی مامۆستایان لەئاستێکی باش بو،3- جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لەنێوان ئاراستەی مامۆستایان بۆ پیشەی وانەوتنەوەو ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە، جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لەنێوان ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەو بۆ کارامەیی ڕێزمان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزو ساڵانی خزمەت، جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەنێوان ناوەندی نمرەی ئاراستەی مامۆستایان بۆ پیشەی وانەوتنەوە، هەروەها دەرئەنجامی توێژینەوەکە پێکدێت لە بونی پەیوەندی لەنێوان ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوەو پیشەی وانەوتنەوە لای مامۆستایان، بونی پەیوەندی لەنێوان ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت و پلەی زانستی.

**سێیەم: توێژینەوەی (طبشي والشايب،2013)**

"پێوانەکردنی ئاراستە بۆ پیشەی وانەوتنەوە لای مامۆستایانی قۆناغی سەرەتایی لەژێر ڕۆشنایی چاکسازی پەروەردەی نوێ لەجەزائیر" لەئامانجی توێژینەوەکە پێوانەکردنی ئاراستە بۆ پیشەی وانەبێژی لای مامۆستایانی قۆناغی سەرەتایی لەژێر ڕۆشنایی چاکسازی پەروەردەی نوێ"پرۆگرامی توێژینەوەکە توێژینەوەیەکی وەسفییە، نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتبو لە (181) مامۆستای نێرو مێ، دەرئەنجامی توێژینەوەکە – هەڵوێستی مامۆستایان بۆ پیشەی وانەوتنەوە لای مامۆستایانی قوتابخانە سەرەتاییەکان ئەرێنی بو.

**چوارەم: توێژینەوەی (الروشيد،2019)**

"ئاراستەی مامۆستایان بەرامبەر بەپیشەی وانەوتنەوەو پەیوەندی بەهەندێک گۆڕاو"، لەئامانجی توێژینەوەکە زانینی ئاراستەی مامۆستایان بەرامبەر بەپیشەی وانەوتنەوەو پەیوەندی بەهەندێک گۆڕاو، پرۆگرامی توێژینەوەکە وەسفییە لەجۆری شیکردنەوە، ئامرازی توێژینەوەکە توێژەر پێوەری پیشەی وانەوتنەوەی بەکارهێناوە بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری، نمونەی توێژینەوەکە توێژینەوەکە پێکهاتبو لە(768) مامۆستای

حکومی، دەرئەنجامەکان پێکدێت لە ئاراستەی مامۆستایان بۆ پیشەی وانەوتنەوە لەئاستێکی بەرزدایە، بونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بۆ پیشەی وانەبێژی بەپێی گۆڕاوی باری کۆمەڵایەتی لەبەرژەوەندی کچان.

**پێنجەم: توێژینەوەی (علی،2022)**

"ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوەو پەیوەندی بەئاراستە بۆ پیشەی وانەوتنەوە لای مامۆستایانی زانستە جەستەیی و وەرزشییەکان" لە ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لەزانینی ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوەو دەستنیشانکردنی نمرەی ئاراستەی مامۆستا بۆ پیشەی وانەوتنەوە لای مامۆستایانی زانستە جەستەیی وەرزشییەکان، زانینی جیاوازی نێوان ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە لای مامۆستایانی کۆلیجی زانستە جەستەیی و وەرزشییەکان بەپێی گۆڕاوی سالآنی خزمەت – پلەی زانستی، نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتبو لە (233) مامۆستا کە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی سادە هەڵبژێردراوە، پرۆگرامی توێژینەوەکە توێژینەوەیەکی وەسفییە بەجۆری پەیوەندی، ئامرازی توێژینەوەکە توێژەر دو پێوانەی بەکارهێناوە یەکەمیان بۆ ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە، دوەمیان بۆ ئاراستەی مامۆستا بۆ پیشەی وانەوتنەوە، دەرئەنجامەکان پێکدێت لە بونی پەیوەندی لەنێوان ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوەو پیشەی وانەوتنەوە لای مامۆستایانی زانکۆ، بونی پەیوەندی لەنێوان ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوەو بەگۆڕاوی سالآنی خزمەت و پلەی زانستی.

## بەشی سێیەم

## ڕێکارییەکانی توێژینەوە

لەم بەشەدا ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە دەخەینە ڕو، کە بریتییە لە توێژینەوەی وەسفی (باسی) لە جۆری (پەیوەندیی) دیاریکردنی کۆمەڵگای توێژینەوەو هەڵبژاردنی نمونەی توێژینەوەکە و دەستنیشانکردنی ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری و دۆزینەوەی ڕاستگۆیی و جێگیری و جێبەجێکردنی ئامرازی توێژینەوەکە و خستنە ڕوی ئامرازە ئامارییەکان کە لە توێژینەوەکەدا بەکار هاتوە.

**یەکەم: کۆمەڵگای توێژینەوە**

بریتییە لە مامۆستایانی زانکۆی کۆیە بۆ ساڵی خوێندنی 2023 کە کۆی گشتیان (573) مامۆستای نێرو مێ بون کە دابەش بون بەسەر فاکەڵتیە جیا جیاکانی زانکۆ وەکو لەخشتەی (1) ڕونکراوەتەوە.

خشتەی (1)

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

| ز | فاکەڵتی | ژمارەی مامۆستایان |
|---|---|---|
| 1 | فاکەڵتی ئەندازیاری | 145 |
| 2 | فاکەڵتی پەروەردە | 132 |

| | | |
|---|---|---|
| 3 | فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان | 110 |
| 4 | فاکەڵتی زانست و تەندروستی | 105 |
| 5 | فاکەڵتی پەروەردەی وەرزش | 36 |
| 6 | فاکەڵتی پزیشکی | 27 |
| | **کۆی گشتی** | **555** |

**دووەم:نمونەی توێژینەوە**

هەڵبژاردنی نمونە یەکێکە لە هەنگاو و قۆناغە گرنگەکانی توێژینەوەکە و ئەو ئامانجانەی توێژەر دایدەنێ بۆ توێژینەوەکەی و ڕێبازی توێژینەوەی بەکاری دەهێنێت دەبێتە هۆی دەستنیشانکردنی سروشتی ئەو نمونەیە کە هەڵیدەبژێرێت، نمونەش بەشێکە لە کۆمەڵگەی توێژینەوە بنەڕەتییەکە کە بە شێوازی جۆراوجۆر هەڵبژێردرێت و کۆمەڵێک لە ئەندامانی کۆمەڵگەی بنەڕەتی لەخۆدەگرێت (عبیدات،1998،113-114) توێژەر نمونەی توێژینەوەکەی بریتیبو لە مامۆستایانی فاکەڵتی پەروەردە کە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی لە هەر بەشێک چەند مامۆستایەکی وەکو نمونەی توێژینەوەکەی دەستنیشانکرد کە ژمارەیان (91) مامۆستایە بو وەکو ڕون کراوەتەوە لە خشتەیەی (2).

خشتەی (2)

نمونەی توێژینەوەکە

| ز | بەش | ژمارەی مامۆستایان | ژمارەی نمونەی توێژینەوەکە |
|---|---|---|---|
| 1 | بەشی کوردی | 30 | 15 |
| 2 | بەشی عەرەبی | 21 | 13 |
| 3 | بەشی ئینگلیزی | 12 | 8 |
| 4 | بەشی پەروەردەو دەرونزانی | 16 | 11 |
| 5 | بەشی مێژو | 26 | 15 |
| 6 | بەشی جوگرافیا | 29 | 16 |
| 7 | بەشی پەروەردەی ئاینی | 18 | 13 |
| | **کۆی گشتی** | **132** | **91** |

**سێیەم: ئامرازی توێژینەوە**

توێژەر دوای گەڕانی زۆر دو پێوەری وەرگرت بە مەبەستی پێوانەکردنی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکەی، پێوەری یەکەم لەسەر ئاڕاستەی مامۆستا بۆ پیشەی وانەوتنەوە بو کە لە توێژینەوەی (داود،2014) وەریگرتوە کە پێکهاتوە لە پێنج تەوەر، تەوەری یەکەم(ئاڕاستە بۆ پیشە) کە لە (11) بڕگە پێکهاتوە، تەوەری دوەم(ئاڕاستە بۆ تایبەتمەندییەکانی مامۆستا) کە لە (4) بڕگە پێکهاتوە، تەوەری سێیەم(ئاڕاستە بۆ توانا پیشەیەکانی وانەوتنەوە) کە لە (8) بڕگە پێکهاتوە، تەوەری چوارەم(بۆچونی کۆمەڵگا دەربارەی پیشەی وانەوتنەوە) کە لە(5) بڕگە پێکهاتوە، تەوەری پێنجەم(ئاڕاستەی مامۆستایان بەرامبەر بە خوێندکاران) کە لە (6) بڕگە پێکهاتوە، بەگشتی لە (34) بڕگە پێکهاتوە، بەرامبەر هەر بڕگەیەک (5) بژاردە هەیە کە بریتین لە(زۆر ڕازیم، ڕازیم، بێلایەن، ناڕازیم، زۆر ناڕازیم) نمرەکانیش بریتین لە (1,2,3,4,5) بەهەمان ڕیزبەندی وەک لە پاشکۆی (1)دا دیارە، توێژەر پێوەری دوەمی لەسەر ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە بو کە لە توێژینەوەی (جاد،2003) وەریگرتوە کە پێکهاتوە لە سێ تەوەر، تەوەری یەکەم (پلاندانان بۆ جێبجێکردنی وانەکە) کە لە (18) بڕگە پێکهاتوە، تەوەری دوەم (پەیوەندی مرۆڤایەتی) کە لە(6) بڕگە پێکهاتوە، تەوەری سێیەم (هەڵسەنگاندنی وانەکە) کە لە (6) بڕگە پێکهاتوە، بەگشتی لە (30) بڕگە پێکهاتوە، بەرانبەر هەر بڕگەیەک (5) بژاردە هەیە کە بریتین لە (ئەنجامی نادەم، ئەنجامی دەدەم بە ئاستێکی لاواز، ئەنجامی دەدەم بە ئاستێکی مامناوەند، ئەنجامی دەدەم بە ئاستێکی باش، ئەنجامی دەدەم بە ئاستێکی زۆر باش) نمرەکانیش بریتین لە (5,4,3,2,1) بە هەمان ڕیزبەندی وەک لە پاشکۆی (2)دا دیارە.

**ڕاستگۆیی ئامازی توێژینەوە**

توێژەر چەند هەنگاوێکی ناو بەمەبەستی گونجاندنی پێوانەکە لەگەڵ نمونەی توێژینەوەکە:-

11-راستگۆیی زمانەوانی

هەردو پێوەرەکە کەسێکی شارەزا لەبواری دەرونزانی و شارەزا لەزمانی عەرەبی هەردو پێوەرەکەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی لەلایەن (پ.د. خالید ئیسماعیل مستەفا) و لەلایەن (پ.د. گۆران معروف قادر) پێوەرەکە کوردییەکە بۆ جاری دوەم وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی عەرەبی، لەلایەن (پ.ی.د. جوان نوری رسول) هەردو پێوەرەکەی بەزمانی عەرەبی بەراورد کرد بەمەبەستی دەستنیشانکردنی ڕادەی گوناوی وەرگێڕانەکە لەهەردو جاردا لەزمانی عەرەبی.

2-ڕاستگۆیی ڕواڵەتی

دوای وەرگێڕانی پێوەرەکەو وەرگرتنی ڕاستگۆیی زمانەوانی پێوەرەکە، توێژەر پێوەرەکەی دا بەکەسانی پسپۆڕو شارەزا لەبواری پەروەردەو دەرونزانی بەمەبەستی دەستنیشانکردنی لایەنە کەموکورپیەکان و دەرخستنی بیروڕای خۆیان و گۆڕانکاری کردن لەهەر بڕگەیەک کەبەباشی بزانن، بۆیە توێژەر پێوەری یەکەمی (ئاڕاستەی مامۆستا بۆ پیشەی وانەوتنەوە)دا بە(5) شارەزا کەتێیدا ڕادەی گونجاوی و نەگونجاوی و پێشنیار بۆ گۆڕانکاری دەرببڕن، بۆیە ڕێژەی کۆدەنگی شارەزایان (97%)ی بەدەستهێنا وە هیچ بڕگەیەک لانەبرا. بەڵام پێوەری دوەم بۆ (ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە) درا بە(5) شارەزا لەبواری پەروەردەو دەرونزانی پێشنیاری هەر گۆڕانکارییەک بکەن لەهەر بڕگەیەدا کە بەگونجاوی دەزانن، بەڵام هیچ بڕگەیەک لانەبرا کە شایانی باسکردن بێت، تەنها هەندێ گۆڕانکاری سادە لە هەندێ وشەدا بەمەبەستی گونجانی لەگەڵ نمونەی توێژینەوەکە، بۆیە بڕگەکان وەکو خۆیان مانەوە ڕێژەی کۆدەنگی شارەزایانی (97.3%) وەکو لەپاشکۆی (3)دا دیارە.

### جێگیری ئامرازی توێژینەوە

مەبەست لەجێگیری تاقیکردنەوە ئەوەیە ئەگەر هاتو توێژەر چەند جارێک تاقیکردنەوەکە ئەنجام بداتەوە، ئەوا هەمان ئەنجام یان ئەنجامێکی نزیک بەدەستەوە بدات لەهەمان بارودۆخداو لەسەر هەمان نمونە (ابوجادو،2005،403)، بۆ دڵنیا بون لەجێگیری پێوەرەکە توێژەر هەستا بەدابەشکردنی پێوەرەکە بەسەر (30) مامۆستا لەبەشەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و جوگرافیاو مێژو و دەرونزانی و پەروەردەی ئایینی کەتوێژەر بەشێوەیەکی هەڕەمەکی فۆرمەکەی دابەشکرد بەسەر بەشێک لەمامۆستایانی بەشەکانی فاکەڵتی پەروەردە، بەمەبەستی دەستنیشانکردنی جێگیری هەردو پێوەرەکە، توێژەر پاش وەرگرتنەوەی پێوەرەکە داتاکانی تۆمارکردو بەبەکارهێنانی هەگبەی ئاماری (SPSS) و هاوکێشەی (ئەلفاکرونباخ) دەرکەوت کەبەهای جێگیری پێوەری یەکەم (ئاڕاستەی مامۆستا بۆ پیشەی وانەوتنەوە) لە (0.75%) بو، کەئەمەش جێگیریەکی باشەو توێژەر دەتوانێت پشتی پێ ببەستێت، هەروەها پێوەری دوەم بەهەمان شێوە بەسەر (30) مامۆستا دابەشکرا بەشێوەیەکی هەڕەمەکی لەبەشەکانی فاکەڵتی پەروەردە (کوردی، عەرەبی، ئینگیزی، مێژو، جوگرافیا، پەروەردەی ئایینی، پەروەردەو دەرونزانی)، لەئەنجامدا ڕێژەی (0.75) بەدەستهێنا کەئەمەش ڕێژەیەکی باشە توێژەر دەتوانێت پشتی پێ ببەستێت وەکو ڕونکراوەتەوە لە خشتەی (4)و(5)دا ڕونکراوەتەوە.

خشتەی (4)

جێگیری پێوەری ئاڕاستەی مامۆستایان بۆ پیشەی وانەوتنەوە

| ز | پێوەر | بەهای ئەلفاکرونباخ | بەهای ئەلفاکرونباخ بەگشتی بۆ کۆی تەوەر |
|---|---|---|---|
| 1 | تەوەری یەکەم | 0.57 | 0.75 |
| 2 | تەوەری دوەم | 0.85 | |
| 3 | تەوەری سێیەم | 0.62 | |
| 4 | تەوەری چوارەم | 0.75 | |
| 5 | تەوەری پێنجەم | 0.63 | |

خشتەی (5)

جێگیری پێوەر بۆ ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە

| ز | پێوەر | بەهای ئەلفاکرونباخ | بەهای ئەلفاکرونباخ بەگشتی بۆ کۆی تەوەر |
|---|---|---|---|
| 1 | تەوەری یەکەم | 0.79 | 0.75 |
| 2 | تەوەری دوەم | 0.56 | |
| 3 | تەوەری سێیەم | 0.74 | |

**جێبەجێکردنی کۆتایی**

دوای دۆزینەوەی ڕاستگۆیی و جێگیری پێوەرەکان توێژەر دەستی کرد بەدابەشکردنی پێوەرەکە بەسەر نمونەی توێژینەوەکە کەژمارەیان (91) مامۆستا بو لەڕێکەوتی (2023/11/5) پاش وەرگرتنەوەی فۆرمەکە توێژەر داتاکانی تۆماری بەرنامەی (SPSS) کرد بۆ دۆزینەوەی ئەنجامەکان.

**چوارەم: ئامرازە ئامارییەکان**

توێژەر هەگبەی ئاماری (SPSS) بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەکارهێنا، کەئەم ئامرازە ئاماریانەی تێدا بەکارهات:-

1- بەکارهێنانی هاوکێشەی ئەلفاکرونباخ بۆ دەرهێنانی جێگیری هەردو پێوەرەکە.

2- بەکارهێنانی هاوکێشەی correlation بۆ زانینی پەیوەندی نێوان ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە و پیشەی وانەوتنەوە

3- بەکارهێنانی هاوکێشەی Independent samples test بۆ دەر هێنانی گۆڕاوی ئاستی ئەنجامدان و پیشەی وانەوتنەوە بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز.

4- بەکارهێنانی هاوکێشەی (Pearson Correlation) بۆ دەرهێنانی گۆڕاوی سالآنی خزمەت.

## بەشی چوارەم

## خستنە ڕوی ئامانجەکان و شیکردنەوەیان

**ئامانجی یەکەم: زانینی پەیوەندی نێوان ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە و پیشەی وانەوتنەوە لای مامۆستایانی فاکەڵتی پەروەردە لە زانکۆی کۆیە.**

توێژەر بەمەبەستی دەرهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە هەگبەی ئاماری(SPSS) بەکارهێنا بەپشت بەستن بە بەکارهێنانی هاوکێشەی (Correlation) بۆ دەرهێنانی ئامانجی یەکەم دەرکەوت کە بەهای ناوەندە ژمێرەیی بۆ گۆڕاوی ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە (114,16) بو بۆ گۆڕاوی پیشەی وانەوتنەوە (117.75) بو، هەروەها لادانی پێوەری بۆ گۆڕاوی ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە (18.66) بو، بۆ گۆڕاوی پیشەی وانەوتنەوە (17.20) بو، بەهای پەیوەندی هەردو گۆڕاوەکە بریتی بو لە(0.53) دەردەکەوێت کە بەڵگەداری ئامارییە لەئاستی دو کلکدا کە بەهاکەی دەکاتە (0.001) وەکو ڕون کراوەتەوە لەخشتەی (6) ڕونکراوەتەوە.

خشتەی (6)

ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوەو پەیوەندی بەپیشەی وانەوتنەوە لای مامۆستایانی زانکۆی کۆیە

| گۆڕاو | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای پەیوەندی | بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|
| ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە | 90 | 114.16 | 18.66 | 0.53 | 0.001 |
| پیشەی وانەوتنەوە | | 117.75 | 17.20 | | بەڵگەداری ئامارییە |

** Correlation is significant at the (0.001) Level (2-Tailed).

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە پەیوەندی هەیە بەپیشەی وانەوتنەوە واتە تاوەکو مامۆستایان ڕازی بون لەپیشەی وانەوتنەوە ئەوا ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوەیان باشتر دەبێت، ئەمەش وا دەکات کە خوێندکاران زیاتر لەبابەتەکان تێبگەن و وانەکانیان لەلا خۆشتر بێت، مامۆستایانیش زیاتر گرنگی بەپیشەکەیان بدەن و ئاسودە بن، ئەمەش کاریگەری ئەرێنی دەکاتە سەر ئاستی ئەنجامدانی وانەوەتنەوەیان.

**ئامانجی دوەم: زانینی ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز**

توێژەر بۆ دەرهێنانی ئامانجی دوەم پشتی بەست بەهەگبەی ئاماری (SPSS) لەناویدا هاوکێشەی ئاماری (Independent Sample T.Test) بۆدەرهێنانی ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز دەردەکەوێت کە بەهای ناوەندی ژمێری تەوەری یەکەم بۆ ڕەگەزی نێر (67.35) بو، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی بۆ ڕەگەزی مێ (66.55) بو، هەروەها لادانی پێوەری بۆ ڕەگەزی نێر (9.55) بو، بۆ ڕەگەزی مێ (13.84) بو، بەهای (t) دەرهێنراو (0.32) بو بەرێژەی هەڵە (88) لەئاستی بەڵگەداری ئاماری (0.05) کە بەهای بەڵگەداری لەدو کلکدا دەکاتە (0.74) دەردەکەوێت کە بەڵگەداری ئاماری نییە وەکو لەخشتەی (7) ڕونکراوەتەوە.

خشتەی (7)

ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز لەتەوەری یەکەم

| گۆڕاو | ڕەگەز | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ڕێژەی هەڵە | بەهای (t) | ئاستی بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە | نێر | 54 | 67.35 | 9.55 | 88 | 0.32 | 0.74 |
| | مێ | 36 | 66.55 | 13.84 | | | بەڵگەداری ئاماری نییە |

بۆ تەوەری دوەم دەردەکەوێت ناوەندی ژمێرەیی بۆ ڕەگەزی نێر (23.59) بو بۆ ڕەگەزی مێ (23.50) بو، هەروەها لادانی پێوەری بۆ ڕەگەزی نێر (4.35) بو، بۆ ڕەگەزی مێ (5.03) بو، بەهای (t) دەرهێنراو (0.09) بو، بەڕێژەی هەڵە (88) لەئاستی بەڵگەداری ئاماری (0.05) کە بەهای بەڵگەداری لەدو کلکدا دەکاتە (0.92) دەردەکەوێت بەڵگەداری ئاماری نییە، وەکو لەخشتەی (8) ڕونکراوەتەوە.

خشتەی (8)

ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز لەتەوەری دوەم

| گۆڕاو | ڕەگەز | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ڕێژەی هەڵە | بەهای (t) | ئاستی بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە | نێر | 54 | 23.59 | 4.35 | 88 | 0.09 | 0.92 |
| | مێ | 36 | 23.50 | 5.03 | | | بەڵگەداری ئاماری نییە |

بۆ تەوەری سێیەم دەردەکەوێت ناوەندی ژمێرەیی بۆ ڕەگەزی نێر (23.37) بو بۆ ڕەگەزی مێ (23.77) بو، هەروەها لادانی پێوەری بۆ ڕەگەزی نێر (4.05) بو، بۆ ڕەگەزی مێ (5.20) بو، بەهای (t) دەرهێنراو (0.41)

بو، بەڕێژەی هەڵە (88) لەئاستی بەڵگەداری ئاماری (0.05) کە بەهای بەڵگەداری لەدو کلکدا دەکاتە (0.67) دەردەکەوێت بەڵگەداری ئاماری نییە، وەکو لەخشتەی (9) ڕونکراوەتەوە.

خشتەی (9)

ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز لەتەوەری سێیەم

| گۆڕاو | ڕەگەز | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ڕێژەی هەڵە | بەهای (t) | ئاستی بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە | نێر | 54 | 23.37 | 4.05 | 88 | 0.41 | 0.67 بەڵگەداری ئاماری نییە |
| | مێ | 36 | 23.77 | 5.20 | | | |

بەگشتی دەردەکەوێت کە ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە بەپێی تەوەرەکان بەڵگەداری ئاماری نییە، بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ڕەگەزی نێرو مێ ئاستی ئەنجامدانیان لەیەک ئاستدایەو جیاوازی نییە لەنێوانیاندا، کەهۆکارەکەی ڕەنگە بگەڕێتەوە هەست کردن بە بەرپرسیاریەتی و لەگەیاندنی زانیارییەکان بۆ خوێندکاران و ئەنجامدانی ئەرکەکانیان.

**ئامانجی سێیەم: زانینی پیشەی وانەوتنەوە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز**

توێژەر بۆ دەرهێنانی ئامانجی سێیەم پشتی بەست بەهەگبەی ئاماری (SPSS) لەناویدا هاوکێشەی ئاماری (Independent Sample T.Test) توێژەر بۆ دەرهێنانی ئاستی پیشەی وانەبێژی بۆ گۆراوی ڕەگەز بەپێی تەوەر دەردەکەوێت کە بەهای ناوەندی ژمێری بۆ تەوەری یەکەم ڕەگەزی نێر (37.55) بو، بۆ ڕەگەزی مێ (37.88) بو، هەروەها لادانی پێوەری بۆ ڕەگەزی نێر (5.35) بۆ ڕەگەزی مێ (6.32) بو، بەهای(t) دەرهێنراو (0.26-)بو، بەرێژەی هەڵەی (88) لەئاستی بەڵگەداری ئاماری (0.05) کە بەهای بەڵگەداری لەدو کلکدا دەکاتە (0.78) دەردەکەوێت کە بەڵگەداری ئاماری نییە وەکو لەخشتەی (10) ڕونکراوەتەوە.

خشتەی (10)

پیشەی وانەوتنەو بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز لەتەوەری یەکەم

| گۆڕاو | ڕەگەز | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ڕێژەی هەڵە | بەهای (t) | ئاستی بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | 54 | 37.55 | 5.35 | 88 | -0.26 | 0.78 |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پیشەی وانەوتنەوە | مێ | 36 | 37.88 | 6.32 | | | بەڵگەداری ئاماری نییە |

بۆ تەوەری دوەم دەردەكەوێت كە ناوەندی ژمێرەیی بۆ ڕەگەزی نێر (9.51) بو، بۆ ڕەگەزی مێ (8.50) بو، هەروەها لادانی پێوەری بۆ ڕەگەزی نێر (3.35) بو بۆ ڕەگەزی مێ (4.04) بو، بەهای (t) دەرهێنراو (1.29) بو، بەڕێژەی هەڵە (88) لەئاستی بەڵگەداری ئاماری (0.05) كەبەهای بەڵگەداری لەدو كلكدا دەكاتە (0.19) دەردەكەوێت كە بەڵگەداری ئاماری نییە وەكو لەخشتەی (11) ڕونكراوەتەوە.

خشتەی (11)

پیشەی وانەوتنەو بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز لەتەوەری دوەم

| گۆڕاو | ڕەگەز | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ڕێژەی هەڵە | بەهای (t) | ئاستی بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پیشەی وانەوتنەوە | نێر | 54 | 9.51 | 3.35 | 88 | 1.29 | 0.19 |
| | مێ | 36 | 8.50 | 4.04 | | | بەڵگەداری ئاماری نییە |

بۆ تەوەری سێیەم دەردەكەوێت كە ناوەندی ژمێرەیی بۆ ڕەگەزی نێر (28.87) بو، بۆ ڕەگەزی مێ (31.38) بو، هەروەها لادانی پێوەری بۆ ڕەگەزی نێر (4.70) بو بۆ ڕەگەزی مێ (11.66) بو، بەهای (t) دەرهێنراو –(1.42) بو، بەڕێژەی هەڵە (88) لەئاستی بەڵگەداری ئاماری (0.05) كە بەهای بەڵگەداری لەدو كلكدا دەكاتە (0.15) دەردەكەوێت كە بەڵگەداری ئاماری نییە وەكو لەخشتەی (12) ڕونكراوەتەوە.

خشتەی (12)

پیشەی وانەوتنەو بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز لەتەوەری دوەم

| گۆڕاو | ڕەگەز | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ڕێژەی هەڵە | بەهای (t) | ئاستی بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پیشەی وانەوتنەوە | نێر | 54 | 28.87 | 4.70 | 88 | – | 0.15 |
| | مێ | 36 | 31.38 | 11.66 | | 1.42 | بەڵگەداری ئاماری نییە |

بۆ تەوەری چوارەم دەردەكەوێت كە ناوەندی ژمێرەیی بۆ ڕەگەزی نێر (16.42) بو، بۆ ڕەگەزی مێ (16.13) بو، هەروەها لادانی پێوەری بۆ ڕەگەزی نێر (2.64) بو بۆ ڕەگەزی مێ (4.11) بو، بەهای (t)

دەرهێنراو (0.40) بو، بەڕێژەی هەڵە (88) لەئاستی بەڵگەداری ئاماری (0.05) کە بەهای بەڵگەداری لەدو کلکدا دەکاتە (0.68) دەردەکەوێت کە بەڵگەداری ئاماری نییە وەکو لەخشتەی (13) ڕونکراوەتەوە.

خشتەی (13)

پیشەی وانەوتنەو بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز لەتەوەری چوارەم

| گۆڕاو | ڕەگەز | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ڕێژەی هەڵە | بەهای (t) | ئاستی بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پیشەی وانەوتنەوە | نێر | 54 | 16.42 | 2.64 | 88 | 0.40 | 0.68 بەڵگەداری ئاماری نییە |
| | مێ | 36 | 16.13 | 4.11 | | | |

بۆ تەوەری پێنجەم دەردەکەوێت کە ناوەندی ژمێرەیی بۆ ڕەگەزی نێر (24.55) بو، بۆ ڕەگەزی مێ (25.13) بو، هەروەها لادانی پێوەری بۆ ڕەگەزی نێر (3.98) بو بۆ ڕەگەزی مێ (5.54) بو، بەهای (t) دەرهێنراو (0.58-) بو، بەڕێژەی هەڵە (88) لەئاستی بەڵگەداری ئاماری (0.05) کە بەهای بەڵگەداری لەدو کلکدا دەکاتە (0.56) دەردەکەوێت کە بەڵگەداری ئاماری نییە وەکو لەخشتەی (14) ڕونکراوەتەوە.

خشتەی (14)

پیشەی وانەوتنەو بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز لەتەوەری پێنجەم

| گۆڕاو | ڕەگەز | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ڕێژەی هەڵە | بەهای (t) | ئاستی بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پیشەی وانەوتنەوە | نێر | 54 | 24.55 | 3.98 | 88 | -0.58 | 0.56 بەڵگەداری ئاماری نییە |
| | مێ | 36 | 25.13 | 5.54 | | | |

بەگشتی دەردەکەوێت کە پیشەی وانەبێژی بەپێی تەوەرەکان بەڵگەداری ئاماری نییە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ڕەگەزی نێرو مێ تێڕوانین و بۆچون و ئاراستەیان وەکو یەکە بۆ پیشەی وانەوتنەوە، لەوانەیە هۆکارەکەی بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەردو ڕەگەز حەزی وانەوتنەوەیان وەکو یەک بێت.

**ئامانجی چوارەم: زانینی پەیوەندی ساڵانی خزمەت بەئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوەو پیشەی وانەوتنەوە**

ساڵانی خزمەت هیچ پەیوەندییەکی بەڵگەداری ئاماری لەسەر ئاستی ئەلفا (0.05) نییە لەنێوان ساڵانی خزمەت و ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوەو پیشەی وانەوتنەوە وەکو لەخشتەی (15) ڕونکراوەتەوە.

خشتەی (15)

زانینی پەیوەندی ساڵانی خزمەت بەئاستی وانەوتنەوەو پیشەی وانەوتنەوە

| ساڵانی خزمەت | ژمارەی نمونە | بەهای پەیوەندی Person Correlation | ئاستی بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|
| ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە | 90 | 0.17 | 0.87 |
| پیشەی وانەبێژی | | 0.08 | 0.40 |

دەردەکەوێت کە ساڵانی خزمەت پەیوەندی نییە بەئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوەو پیشەی وانەوتنەوە، هۆکارەکەی ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی حەزو ئارەزوی مامۆستا بۆ پیشەکەی و ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوەی بەهۆی بارودۆخی ئابوری ئێستا وایکرد بێت کە هیچ پەیوەندییەک دروست نەبێت لەنێوان ئەم دو گۆڕاوەدا.

## بەشی پێنجەم

## دەرئەنجام و ڕاسپاردەو پێشنیارەکانی توێژینەوە

### یەکەم: دەرئەنجامەکانی توێژینەوە

1- بونی پەیوەندی لەنێوان ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوەو پیشەی وانەوتنەوە.

2- نەبونی جیاوازی لە ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز.

3- نەبونی پەیوەندی لەنێوان پیشەی وانەوتنەوە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز.

4- نەبونی پەیوەندی لەنێوان ساڵانی خزمەت لەگەڵ ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوەو پیشەی وانەوتنەوە.

### دوەم: ڕاسپاردەکانی توێژینەوە

1- کردنەوەی خول و ڕاهێنان بۆ مامۆستایان لەسەر ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە کە لەلایەن وەزارەتەوە ئەنجام بدرێت بەمەبەستی باشتر کردنی ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوەیان بۆ گۆڕاوی ڕەگەز.

2- خەرجکردنی هەمو شایستە داراییەکانی مامۆستایان لەلایەن حکومەت بەمەبەستی باشترکردنی بارو گوزەرانی مامۆستایان و باشترکردنی ئاراستەی مامۆستایان بۆ پیشەی وانەوتنەوە.

3- چالاککردنی ڕۆڵی مامۆستایان لەڕێگەی بەشداری پێکردنیان لەکارو چالاکییەکانی خوێندنی باڵا بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری و باشترکردنی ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوەو پیشەی وانەبێژی.

**سێیەم: پێشنیارەکانی توێژینەوە**

1- پەیوەندی نێوان ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوەو پیشەی وانەوتنەوە لای مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی لەخوێندنگاکانی شاری کۆیە.

2- پەیوەندی نێوان ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوەو پیشەی وانەوتنەوە لای مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی لەشاری سلێمانی.

3- ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە لای مامۆستایانی قۆناغی ئامادەیی لەشاری کۆیە.

4- ئاراستەی مامۆستایانی فاکەڵتی پەروەردە بۆ پیشەی وانەبێژی لەزانکۆی سەلاحەددین.

# Level of Teaching Performance and Relationship with The Teaching Profession Among Teachers of Koya University

**Sebar Rzgar Razaq**

sebar.rzgar@koyauniversity.org

Department of Education and Psychology, Faculty of Education, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

The aim of this study is to determine the relationship between the level of teaching performance and teaching profession among teachers of Koya University. (90) teachers participated randomly from different departments of the faculty of Education. Two data collection tools were used, the first measuring the level of teaching performance, and the second to measure the teachers' attitudes toward teaching profession The reliability of the first instrument was (0.75), and for the second was (0.74). The research used statistical software (SPSS) to analyze the data. The result showed a statistically significant positive relationship between the level of teaching performance and teachers' attitudes toward teaching profession. finally, several recommendations and suggestions were presented.

**Keywords:** Level of Teaching Performance, Attitudes Toward Teaching Profession, Faculty of Education, University Professor

## سەرچاوەکان


عزیز، کریم احمد(2014). بنەما گشتییەکانی ڕێگاکانی وانەوتنەوە، چاپی یەکەم، هەولێر. نارین بۆ چاپ بڵاوکردنەوە.

محمد، کاوە علی(2019). هونەری وانەوتنەوەو بەڕێوەبردنی پۆل، چاپی یەکەم، تاران.

محەمەد، نازەنین عوسمان(2021). بنەماکانی دەروندروستی، چاپی دوەم، هەولێر، دەزگای چاپ و بەخشی نارین.

ابو جادو، صالح محمد (2005). علم النفس التربوي، ط4، عمان، دار الميسرة للنشر والتنوزيع والطباعة.

البغدادي، محمد (2023). اهمية مهنة التدريس.

بن سعادة، بدرالدين (2015). الاداء التدريسى وعلاقته بالرضاء الحركي، اطروحة دكتوراة.

الترتوري، محمد عوض و القضاة، محمد فرحان (2005). المعلم الجديدة دليل المعلم في الادارة الصفية الفعالة،ط1، دار حامد للنشر والتوزيع.

جاد، ايناس محمد عبدالخالق(2003). تقويم معلم الرياضيات لأدائه التدريسي بالمرحلة الاعدادية، رسالة ماجستير في التربية ومناهج وطرق التدريس.

الجفري، ابتسام حسين عقل(2002). اراء طالبات الدراسات العليا في الاداء التدريسي لاعضاء هيئة التدريس بجامعة ام القري، مجلة التربوية، عدد64، الكويت.

حديد، يوسف(2009). تقويم الاداء التدريسي للاساتذة الرياضيات باتعليم الثانوي في ضوء اسلوب الكفايات الوظيفية (دراسة ميدانية بمؤسسات التعليم الثانوي لولاية جيجل).

الخليلي، خليل و مقابلة، نصر (1990). دراسة تطويرية لمقياس الاتجاهات نحو مهنة التدريس، مجلة الابحاث، اليرموك (01).

الداهري، صالح(2005). سيكولوجية التوجيه المهني ونظرياته، ط1، عمان، دار الثقافة للنشر والتوزيع.

داود، امان غسان محمد(2014). كستوى الفاعلية التربوية لبرنامج تأهيل معلمي المرحلة الاساسية الدنيا أثناء الخدمة من وجهة نظرهم وعلاقته باتجاهاتهم نحو مهنة التدريس، رسالة ماجستير في مناهج واساليب التدريس بكلية الدراسات العليا في جامعة نابلس، فلسطين.

الرويشد، فيصل عبدالله علي (2019). اتجاهات المعلمين والمعلمات نحو مهنة التدريس وعلاقتها ببعض المتغيرات، جامعة الجوف، السعودية.

زهران، حامد عبدالسلام(1980). التوجيه والارشاد، ط2، القاهره، عالم الكتب.

سامرائي، هاشم جاسم (1988). مدخل الى علم النفس، كلية التربية، جامعة المستنصرية.

سعد، محمود حسان (2000). التربية العملية بين النظرية والتطبيق، ط1، عمان، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع.

شايب، محمد الساسي(2007). علاقة اساليب الاشراف التربوي بكفايات المعلمين التدريسية وباتجاهاتهم نحو مهنة التدريس، اطروحة دكتوراة، الجزائر، جامعة وهران.

الطبشي، بلخير و الشايب، محمد الساسي(2013). قياس الاتجاهات نحو مهنه التدريس لدى معلمي المرحلة الابتدائية في ظل الاصلاحات التربوية الجدية بالجزائر، مجلة العلوم الانسانية والاجتماعية،جامعة قاصدي مرباح ورقلة (الجزائر).

علي، حبيب (2022). الاداء التدريسي وعلاقته باتجاهات نحو مهنة التدريس لدى اساتذة علوم وتقنيات النشاطات البدنيةوالرياضية، جامعة قاصدي مرباح، الجزائر، ورقلة.

علي، حبيب (2022). الاداء التدريسي وعلاقته بالاتجاهات نحو مهنة التدريس لدى اساتذة علوم وتقنيات النشاطات البدنية والرياضية، جامعة قاصدي مرباح، ورقلة- الجزائر.

علي، سعيد اسماعيل(2007). اصول التربية العامة، ط1، عمان، دار الميسرة للنشر والتوزيع والطباعة.

غزالي، رشيد(2015). تقويم الاداء التدريسي لاعضاء هيئة التدريس في اقسام ومعاهد التربية البدنية ورياضية وعلاقته بالرضاء الوظيفي، اطروحة دكتوراة في مناهج وطرائق التدريس التربية البدنية والرياضية. الفحل، نبيل محمد (2004). بحوث في الدراسات النفسية، القاهرة، دار القباء للطباعة والنشر والتوزيع.

فريري، باولو(2004). افاق تربوية متجددة "المعلمون بنات ثقافة"، ترجمة: حامد عمار وعبدالراضي ابراهيم و لمياء محمداحمد، ط1، القاهرة، دار المصرية البنانية.

القانى، احمد حسين و الجمل، علي احمد(2003). معجم المصطلحات التربوية المعرفة في المناهج وطرق التدريس، القاهرة، عالم الكتب.

محسن، عيسى خليل(2006). الاتجاهات الفلسفي في المفهوم التربوي، ط1، عمان، دار جرير للنشر والتوزيع.

محمد، طياب (2010). علاقة اتجاهات اساتذة التربية البدنية والرياضية نحو مهنة التدريس بمستوى ادائهم التدريسي بمرحلة التعليم الثانوي، جامعة الجزائر، اطروحة دكتوراه، معهد التربية البدنية والرياضية.

وهبي، السيد اسماعيل(2002). الاتجاهات معاصرة في تقويم الاداء المعلم، مؤتمر العلمي لرابع عشر، مناهج التعليم المستويات المعيارية، مجلة الثاني، القاهرة، جامعة عين شمس.

ABDULLAH, Z. D., ZİDEN, A. B. A., AMAN, R. B. C., MUSTAFA, K. İ. (2015). Students' Attitudes towards Information Technology and the Relationship with their Academic Achievement. Contemporary Educational Technology, 6(4).

Borg, M. (2006). Teacher cognition and language education: Research and practice. Continuum.

Hanushek, E. A., & Rivkin, S. G. (2007). Pay, working conditions, and teacher quality. The Future of Children, 17(1).

Ingersoll, R. M. (2001). Teacher turnover and teacher shortages: An organizational analysis. American Educational Research Journal, 38(3).

Kyriacou, C. (2001). Teacher stress: Directions for future research. Educational Review, 53(1).

UNESCO. (2015). "Teaching and Learning: Achieving Quality for All." Retrieved from https://unesdoc.unesco.org/ark:/48223/pf0000232993.

## پاشکۆی (1)

ئاڕاستەی مامۆستایان بۆ پیشەی وانەوتنەوە

| ز | بڕگە | زۆر ناڕازیم | ناڕازیم | بێ لایەن | ڕازیم | زۆر ڕازیم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | تەوەرییەکەم :ئاڕاستە بۆ پیشە | | | | | |
| 1 | هەست بە ڕازیبون لە پیشەی وانەوتنەوە دەکەم سەرەڕای سەختی لە کارەکەمدا. | | | | | |
| 2 | ئەگەر دەرفەتێکم بۆ ڕێک بکەوێت پیشەی وانەوتنەوە جێدێڵم بۆ پیشەیەکی تر. | | | | | |
| 3 | بە بێ ویستی خۆم پیشەی وانەوتنەوەم بە سەردا سەپێندراوە. | | | | | |
| 4 | پیشەی وانەوتنەوە پیشەیەکی بەرزە هیچی کەمتر نییە لە پیشەکانی تر. | | | | | |
| 5 | لە پیشەی وانەوتنەوەدا هەست بە خۆشی دەکەم. | | | | | |
| 6 | وا هەست دەکەم پیشەی وانەوتنەوە نابێتە هۆی تێرکردنی ئارەزوەکانم. | | | | | |
| 7 | گرنگی بە لایەنی مرۆڤایەتی دەدەم لە پیشەی وانەوتنەوەدا. | | | | | |
| 8 | بەربەستی مادی نابێتە هۆی کەمکردنەوەی خۆشەویستیم بۆ وانەوتنەوە | | | | | |
| 9 | بۆچونم گونجاوە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە دەڵێن مامۆستا ڕابەری گەلە. | | | | | |
| 10 | بڕوام وایە کە پیشەی وانەوتنەوە کردارێکی ڕۆتینییە پێویستی بە گۆڕانکاری نییە. | | | | | |
| 11 | پێم وایە پیشەی وانەوتنەوە گەشە بە پابەند بونم لە کارەکانم دەدات زیاتر لە هەر پیشەیەکی تر. | | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | تەوەری دوەم: ئاڕاستە بۆ تایبەتمەندیەتییەکانی کەسایەتی مامۆستا | |
| | | | | | مامۆستا هەوڵ دەدات قەرەبوی کەموکوڕییەکانی بکاتەوە لە ڕێگای کۆنترۆڵکردنی خوێندکارەکانی. | 12 |
| | | | | | مامۆستا ڕاهاتوە لەسەر کۆنترۆڵکردنی خێزانەکەی خۆی. | 13 |
| | | | | | مامۆستا بەئاسانی دەوروژێنرێت. | 14 |
| | | | | | مامۆستا هەست دەکات کەمترە لە کەسانی تر. | 15 |
| | | | | | تەوەری سێیەم: ئاڕاستە بۆ توانا پیشەییەکانی وانەوتنەوە | |
| | | | | | پیشەی وانەوتنەوە ماندوبونێکی زیاتر لە توانای خۆتی پێویستە. | 16 |
| | | | | | هەرچەندە گرفت ڕوبەڕوم بێتەوە لە کاتی وانەوتنەوەدا دەتوانم بە ئاسانی بە سەریدا زاڵبم. | 17 |
| | | | | | هەست بە نەبونی باوەڕ بە خۆبون دەکەم لە کاتی وانەوتنەوەدا. | 18 |
| | | | | | مەیلی ئەوەم هەیە کە نوێبونەوە و داهێنان نەکەم لەو بابەتانەی کە دەیڵێمەوە. | 19 |
| | | | | | پیشەی وانەوتنەوە پێویستی بەوەیە تاوەکو لە ژیاندا بیت داواکاری بەدەستهێنانی زانست بیت. | 20 |
| | | | | | وانەوتنەوە هەلی ئەوەم بۆ دەرخسێنێت کە توانا و بەهرە و داهێنان بکەم. | 21 |
| | | | | | وا هەست دەکەم کارامەیی پێویستم بۆ وانەوتنەوە هەیە. | 22 |
| | | | | | وا دەبینم کە پیشەی وانەوتنەوە دەبێتە هۆی بەدی هێنانی ئامانجەکانم لە ژیان. | 23 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | تەوەری چوارەم: بۆچونی کۆمەڵگا دەربارەی پیشەی وانەوتنەوە | | | | | |
| 24 | هەست بە شانازی دەکەم کاتێک کەسانی تر دەزانن کە مامۆستام. | | | | | |
| 25 | وا هەست دەکەم کە کۆمەڵگە بە بەرێزەوە سەیری مامۆستا دەکات. | | | | | |
| 26 | هەست بە شەرمەزاری دەکەم کاتێک کەسانێک هەن کە نازانن من مامۆستام. | | | | | |
| 27 | هەست بەوە دەکەم کە کۆمەڵگە بە هەمان چاو سەیری پیشەی وانەوتنەوە ناکات وەک پیشەکانی تر | | | | | |
| 28 | هەرچەندە ئاست بەرز بێتەوە لە پیشەی وانەوتنەوە بە کەم سەیرکردنی کۆمەڵگە بۆ پیشەکە ناگۆڕێت | | | | | |
| | تەوەری پێنجەم: ئاڕاستەی مامۆستایان بەرامبەر بە خوێندکاران | | | | | |
| 29 | هەست بە شانازی دەکەم کاتێک دەبینم خوێندکارەکانم لە شوێنێکی بەرزترن لە خۆم. | | | | | |
| 30 | وا هەست دەکەم هەڵسوکەوتکردنی مامۆستا لەگەڵ خوێندکاران کارێکی ئاسان نییە. | | | | | |
| 31 | هەست بە خۆشی دەکەم کە خۆم دەبینمەوە لە نێوان خوێنکارەکانمدا. | | | | | |
| 32 | بزێوی خوێندکاران پەستم ناکات. | | | | | |
| 33 | وانەوتنەوە لەلایە خوێندکار نابێتە هۆی بێزارکردنی زۆری من. | | | | | |
| 34 | گرفتی خوێندکارە وەردەگرم. | | | | | |

## پاشکۆی (2)

### ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە (الاداء التدريسي)

| ز | بڕگە | ئەنجامی نادەم | ئەنجامی دەدەم بەئاستێکی لاواز | ئەنجامی دەدەم بەئاستێکی مامناوەند | ئەنجامی دەدەم بەئاستێکی باش | ئەنجامی دەدەم زۆرباش |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | تەوەری یەکەم: پلاندانان و جێبەجێکردنی وانەکە | | | | | |
| 1 | وردی و گشتگیری لەداڕشتنی ئامنجە ڕەفتارییەکانی وانەکە. | | | | | |
| 2 | شیکردنەوەو پێشکەشکردنی بابەتە زانستیەکان بەشێوازی پلە بەپلەو سەرنجڕاکێش بۆ خوێندکار دەکەم. | | | | | |
| 3 | گرنگی دەدەم بەوروژاندنی خوێندکار بەپێدانی بابەتی وانەکە لەڕێگای ئامادەکاری گونجاو بۆی. | | | | | |
| 4 | خستنەڕوی ڕاستی بابەتە زانستیەکە دەخەمەڕو. | | | | | |
| 5 | جۆراوجۆرکردن لەشێوازی وانەوتنەوە بەگوێرەی هەڵوێستی بابەتە زانستیەکە بەکاردێنم. | | | | | |
| 6 | پەرتوکی خوێندنگاو پەرتوکی ڕاهێنان و چالاکییەکان لەکاتی وانەکان بەکاردێنم. | | | | | |
| 7 | نوسینێکی ڕون و وێنەو هێڵکارییەکانی بەوردی لەسەر بۆرد دەکێشم. | | | | | |
| 8 | جەخت دەکەمەوە لەسەر بەدەستهێنانی کارامەیی خوێندنەوەو نوسین بۆ | | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دەستەواژە پەروەردەییەکان لەکاتی بەشە وانەیەک. | | | | | |
| 9 | ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتی لەنێوان خوێندکاراندا دەکەم. | | | | | |
| 10 | دابەشکردنی کات بۆ سەر یەکەکانی وانەکە دەکەم. | | | | | |
| 11 | پرسیاری ناو پۆل لەڕوی:-<br>أ- پێکەوەبەستن بەئامانجی وانەکە دەکەم.<br>ب- وردی لەداڕشتن و ڕونکردنەوەکەیدا دەکەم.<br>ج- جۆراوجۆری دەکەم.<br>د- دادپەروەری لەدابەشکردنی بەسەر خوێندکاراندا دەکەم. | | | | | |
| 12 | هۆکاری فێرکاری بەکاردێنم لەڕوی:-<br>أ- پێکەوەبەستن لەئامانجی وانەکە دەکەم.<br>ب- گونجاو بێت لەگەڵ تایبەتمەندی گەشەی ژیری خوێندکار.<br>ج- کاتی پێشکەشکردن.<br>د- شوێنی پێشکەشکردن. | | | | | |
| 13 | هۆکارەکانی تەکنەلۆژیای نویَ لەهەڵوێستی فێرکاری وەکو کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت زیاد دەکەم. | | | | | |
| 14 | کۆنترۆڵی ناو پۆل لەکاتی وانەکاندا دەکەم. | | | | | |
| 15 | توانای وەرگێڕانی وشەکان بۆ هێما بیرکارییەکان و شێوە ئەندازەییەکان و بەپێچەوانەوە هەبێت. | | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | بەکارهێنانی هەردو ڕێگای شیکردنەوەو پێکهێنان لەڕاهێنانی ئەندازەییدا. | 16 |
| | | | | | بەکارهێنانی شێوازی پاداشتکردن بەشێوەی زارەکی یان نازارەکی بەکاردەهێنم. | 17 |
| | | | | | پێکەوە بەستن دەکەم لەنێوان خاڵەکانی وانەکە پێش کۆتایی هێنان بەوانەکە. | 18 |
| | | | | | تەوەری دوەم: پەیوەندی مرۆڤایەتی | |
| | | | | | بابەتی بونم لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ خوێندکاراندا. | 19 |
| | | | | | بەشداری دەکەم لەئەنجامدانی هەندێک چالاکی لەگەڵ خوێندکار لەکاتی وانەکەدا. | 20 |
| | | | | | پەرەپێدانی گیانی هاوکاری لەنێوان خوێندکاراندا. | 21 |
| | | | | | ڕاستگۆیی لەدەربڕینی هەستەکان بەرامبەر بەخوێندکاراندا. | 22 |
| | | | | | ڕێزگرتنی هاوبەرامبەر لەنێوان مامۆستاو خوێندکاراندا. | 23 |
| | | | | | کۆنترۆڵکردنی هەڵچونەکانم دەکەم لەکاتی وانەکاندا. | 24 |
| | | | | | تەوەری سێیەم: هەڵسەنگاندنی وانەکە | |
| | | | | | خاڵی بەهێزو لاوازی خوێندکار لەکاتی جێبەجێ کردنی وانەکان دەستنیشان دەکەم. | 25 |
| | | | | | بەکارهێنانی پرسیاری هەڵسەنگاندنی وتاری پەیوەندیدار بەبابەتی وانەکە. | 26 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | پرسیاری هەڵسنگاندنی بابەتیانە کە پەیوەندیدار بەبابەتی وانەکە بەکاردەهێنم. | 27 |
| | | | | | پرسیاری گونجاو بۆ هەڵسەنگاندن لەڕوی چەندی و جۆری بابەتی بەکاردەهێنم. | 28 |
| | | | | | هاندانی خوێندکار بۆ هەڵسەنگاندنی جێبەجێ کردن لەکاتی وانەکان بۆ چارەسەرکردنی لایەنە لاوازەکانی خوێندکار دەکەم. | 29 |
| | | | | | بەدواداچون دەکەم بۆ ئەرکەکانی ماڵەوەو ڕاستکردنەوەیان بۆ دەکەم. | 30 |

## پاشکۆی (3)

## ناوی پسپۆڕانی بۆ دەرهێنانی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی

| ز | ناو | پسپۆری | شوێنی کار |
|---|---|---|---|
| 1 | پ.د.عمر ابراهیم عزیز | دەرونزانی پەروەردەیی | زانکۆی سەلاحەدین کۆلیژی ئەدەبیات |
| 2 | پ.د.فاطمە رشید حسن | ڕێگاکانی وانەوتنەوەی ئینگلیزی | زانکۆی سەلاحەدین کۆلیژی زمان |
| 3 | پ.د.حسێن سعدی ابراهیم | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | زانکۆی سەلاحەدین کۆلیژی پەروەردەی جەستەیی |
| 4 | پ.د.کاوە علی محمد | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | زانکۆی سەلاحەدین فاکەڵتی پەروەردە |
| 5 | پ.ی.د.جوان نوری رسول | دەرونزانی کەسایەتی | زانکۆی کۆیە فاکەڵتی پەروەردە |